www.kurdistannet.org
23-10-2005 14:04بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## سەردانەکەی عەمرو موسا بۆ. . . چیمەن سالّح



لە کاتێکی زۆر درەنگدا عەمرو موسای ئەمینداری گشتی کۆمکاری عەرەبی سەردانی کوردستانی کردو، ئەگەرچی کۆمەڵەی " کۆمکاری عەرەبی " لە ناو وڵاتانی عەرەبیشدا، تەنیا ماڵێ گەورەو خانەی وێرانەو تا ئێستا هیچ کێشەیەکی عەرەبی چارەسەر نەکردووە و بڕیارەکانی بۆوڵاتانی عەرەبی مولزەم نییەو هیچ هەڵوێستێکی بەرامبەر هیچ دکاتورێکی عەرەبی نەبووە چونکە خۆی لە ناو جەرگەی دیکتاتۆرییەتدایەو هەڵوێستی بەرامبەر هیچ کێشەیەکی ئیتنی و نەتەوەکان نەبووە لە وڵاتە عەرەبییەکاندا، بەڵام زۆر گەرمە لەداکۆکیکردن لە ناوی عەرەبیدا و ئەوە بۆسی ساڵ دەچێ لە عێراقدا رژێم گۆڕڕوە و عێراق لە پرۆسەی سیاسیدایە، هەر سەردانێکی بەرپرسێکی عەرەبی گەورە لە سەرەتای پرۆسەکەدا کاریگەرییەکی گەورەی دەبوو لە سەر هێور کردنەوەی گەلێك بارودۆخ، لە کاتێکدا هەموو بەرپرسانی عەرەببەکارو کردەوەکانی سەدام دەزانن، تا ئێستا تەنیا سەرۆك وەزیرانی ئەردەن سەردانی عێراقی کردووە، سەردانی عەمروموساش تا دوای دوا هەموار کردنەکانی دەستووری عێراق رووینەدا کە عێراقی تێدا بوو بە بەشێك لەئوممەی عەرەبی!!

عەمرو موسا لەوکاتەیدا کە هاتووە بۆکوردستان وسەردانی پەرلەمانی کوردستانیشی کرد. وتەیەکی زۆر ئاسایی پێشکەش کرد پێویست ناکات لە قەبارەی خۆی زیاتر بدرێتی، زۆر بە هێمنی قسەی کرد دیارە لەبەر ئەوەی میوانە، و بۆراگەیاندنی عەرەبی قسە ناکات تا بە دڵی ئەوان و بە دڵی شۆڤینیستە عەرەبەکان قسە بکات. بۆپەرلەمانێك قسە دەکات لە کوردستاندایە، خۆشی کەدیپلۆماتکارێکی شارەزایە دەزانێدەبێبە هێمنی قسە بکات، مەبەستی ئەویش لە "حر" و" ڕختیار " هیچ شتێك نییە کە تازە مافێك بێو بیدات بە کورد تەنیا مەبەستی ئەوەیە کە سەرکردایەتی سیاسی کورد هەڵبژاردووەو لە چوارچێوەی دەستوورە کەدایەکە راپرسی لە سەر کراو لەوە دەچێ موساش بە دڵی بێ، کورد خۆی ناوی لێناوە " " ڕختیاری حری خۆی " ئەگینا مەبەستی ئەوە نییە " ڕختیارێکی حری مەفتوح " کە مانای چەسپاندنی مافی چارەنووسە، بدرێبە کورد.

مەبەستیشی لە " توافق " ئەو دەستپێشخەریەیە کە بۆی هاتبوو " کە ناو خۆی بنێ " خاوەن دەسپێشخەری " و بێبۆعێراق، هەر دەبێشتێك بڵی.

ئەوەی گرنگەو کە وتی، ئەوەبوو کە گوتی کوردستان بەشێکە لە عالەمی عەرەبی، ئەگەر چی بەڕێزیك کە لەهەمان کاتی وتارەکەی موسادا وەك شیکەرەوەیەکیسیاسی بۆ سەتەلایتی کوردستان قسەی دەکرد و گوتی گوایە ئەوە پەرەسەندنێکی زۆر گەورەیە لە فکری عەرەبی، گوایە نەیگوت" نەتەوەی عەرەبی" یان" نیشتمانی عەرەبی "گوتی عالەکی عەرەبی. لە راستیدائەوە هیچ پەرەسەندنێك نییە ئەوە فکری عەرەبیخۆیەتی، چونکە ئەو قسەی خۆی هەرکردو کە گوتی عالەمی عەرەبی، مەبەستی هەردوو واتاکەی پێشووتر بوو نەك تەنیا یەکێکیان، لە هەمان کاتدا وایکرد بەو شێوەیە بەرگریشی لێبکرێ!!.

لە راستی داواشی نەگوتایە بە گوڵإ عەمروموسا بەها نایەت و دونیای عەرەب لێ، ان لێوە لە کێشەو چەوسانەو ەو پێشێلکاری مافی مرۆڤ و خۆسەپاندنی دیکتاتۆرانە. ئەو ەی دەسەوڵاتی عەرەبیش خی پێوە گرتووەو پرسی سەرەوەری و پێشێلکاری شکۆی عەرەبییە لە ژێر ئەو ناوەدا بە ملێ، نان کەس دەچەوسێنەوە. ئەوان بۆخۆیان پێویستیان بە ئەجیێندایەکی گەورەیە بۆخۆرزگارکردن، راستییەکی چەسپاویشە کە " ئەوەی شتێکی نەبێناتوانێ بیبەخشێ " بۆیە هەرچی دەڵی با بیڵی " با لە عالەمی عەرەبیدا بی!!!!.